www.kurdistannet.org
5-11-2006 7:41بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# هەیاسە لە ئیمارەتی ئیسلامی چباسە؟ ... لیستی شتە قەدەغەکراوەکان: بزن، تایەی سپێر، جگەرە، تەماتە، خەیار، سەهۆڵ، سەموون وزۆر شتی دیکە. ... گۆران هەڵەبجەیی



چەند گرووپێکی تەرۆسیستی کە لە ناوچە سوونە نشینەکاندا چالاکن و تاڕادەیەکیش بە ئاشکرالەودەڤەرانەدا کار دەکەن، ماوەیەک لەمەوبەر ئیمارەتی ئیسلامیان لەو ناوچانە ڕاگەیاند، بەیانی ڕاگەیاندنەکە لەلایەن یەکێک لەسەرانی ئەنجومەنی شورای مجاهدینەوە خوێنرایەوە. ئەنجومەنی شورای مجاهدین لە کۆمەڵێک ڕێکخراوی تەرۆریستی، سەلەفی، تەفکیری و وەهابی پێکهاتووە، ڕێکخراوی تەرۆریستی قاعیدە سەرۆکایەتی ئەم ئەنجومەنە دەکات.
نێوی ئیمارەتەکەشیان {دەوڵەتی عێراقی ئیسلام}یە.
هەردوای ڕاگەیاندنەکە لە هەندێک شاروشارۆچکەی سوونی نشیندا چەند چالاکیەکیان ئەنجامدا وەک مارشی سەربازی بەشەقامەکاندا، خۆپیشاندان، لافیتە هەڵواسین، وتارو قورئان خوێندن لە بڵنگۆری مزگەوتەکانەوە.
ئەوەی شایانی ئاماژەیە لەنێو گروپە ئیرهانیەکاندا تەنها بەعسیەکان لەگەڵدا نین و بەیانێکیشیان لە ژژی ئەو ئیمارەتە ئیسلامیە بڵاوکردەوە کەلەبەشێکیدا دەڵێت{ئەمە تەواوکەری ئەو هەوڵیە کە کوردەکان لەباکوور و شیعەکان لە باشوور دەیدەن بۆ سیستەمێکی فیدراڵی، ئەمە پلانێکی زایۆنزمە کە کوردە زایۆنزمەکانی باکوور و شیعەکانی باشوور وسوونەکانی ناوڕاست جێبەجێی دەکەن}.
ئاشکرایە ئیمارەتی ئیسلامی یانی بەجێگەیاندنی شەریعەتی ئیسلامی بەشێوە توندووتیژیەکەی، لە چەشنی ئیمارەتەکەی تالیبان.
ئەمانەی عێراق هاتوون کۆپیەکی ئیماراتەکەی تالیبانیان کردووە، ، دیارە کۆپی هەرگیز وەک ئۆرگیناڵ دەرناچێت بۆیە ئەمان کۆپیەکی خراپی ئەزموونە فاشیلەکەی تالیبانیان کردووە بەجۆرێک کە تالیبانەکان لە چاویاندا پێشکەوتن خوازن.
یەکێک لە خاڵە هەرەگرنگەکانی سیاسەتی ئەم ئیرهابیانە تەکفیرکردنی هەرکەس وگروپ ولایەنێکە کە لە ئاین و مەزهەبدا موخالفیانن.
لەم ڕوانگەوە شیعەکان بە ڕافز دادەنێن، بەوەی کەگوایە ڕەفزی خەلافەتی ئەبو بەکرو عومەرو عوسمان دەکەن و عەلی کوری ئەبی تالیب بە گونجاوتروشیاوتر دادەنێن بۆخەلافەت. جابۆیە کوشتنی شیعە ئەرک و پێویستە، هەر پەیوەست بەم مەسەلەیەوە هەر سونیەک کە هاوسەرەکەی شیعەیە دەبێت لێی جیابێتەوە یا دەبێ بێتە سەر مەزهەبی مێردەکەی. بەڵام گەر ئافرەتێکی سونی مێردی بە پیاوێکی شیعی کردبێت ئەوا بە کوشتنی پیاوەکە کێشەکە چارەسەر دەکرێت. هەربۆیەش زۆرێک لەو خێزانانەی کە هاوسەریەتی تێکەڵ لە هەردوو مەزهەبەکەن بۆ پاراستنی ژیانیان ئەو ناوچانەیان جێهێشتووە.
لەبەرامبەردا شیعەکانیش بۆ تۆڵە سەندنەوە گەلێک خێزانی سوونەیان ناچارکردووە کە ناوچە شیعە نشینەکان جێبهێڵن.

بابێینە سەر بڕیارە سەیروسەمەرەکان کە دەسەڵاتدارانی ئەم ئیمارەتە ساوایە دەریانکردووە بۆ ڕێکخستنی کاروباری ڕۆژانەی ئیمارەتەکەیان، کە بەڕاستی مایەی شەرمەزارین بۆ مرۆڤایەتی هاوکات مایەی پێکەنینیش.

یەکەم بڕیاریان بەسەر شوانەکانی دەڤەرەکەدا جێبەجێ کردووە، ئەو شوانانە جگە لە مەڕ هەندێکیان بزنیش بەخێو دەکەن، یەکێک لە سەرانی ئەم ئیماراتە بۆی دەرکەوت کە بزن بەخێو کردن دژ بەڕێبازی ئیسلامە بۆیە بەخێرایی فەتوای قەدەغەکردنی بەخێوکردنیان دا، پێدەچێت خوێنەر ئەم بڕیارە والێک بداتەوە کە گوایە لەدژی کورد ئەمەیان کردبێت، بەوەی بزن سومبلێکی کوردەو پتر کورد بەخێوی دەکات. خوزگە وابوایە بەڵام وانیە لەوە مەهزەلەترە، فەرمانی تەرۆرکردنی هەرچی بزنە تەنها لەبەر ئەوەیە ئەم ئاژەڵە بەستەزمانە بووەتە مایەی شەرمەزاری و عەیبە بۆیان، چونکە[ هینەکەی] بەدەرەوەیە. بۆچارەسەرکردنی ئەم کێشەیەش دوو پێشنیاریان خستووەتە بەردەم خاوەن بزنەکان، یا دەبێ سەریانبڕن یاخود دەبێ بە پارچە پەڕۆیەک عەورەیان داپۆشن.

بەڕای من وەک چۆن خێزانە شیعەو تێکەڵە مەزهەبەکانیان ناچار کرد کە ئەو دەڤەرانە جێبهێڵن، دەبوو وەک سزادانێک هەرواش بزنەکانێشیان ڕابگوازتایەتەوە بۆ کوردستان.

ئەم سزایەشیان لەوەوە هاتوە دەڵێن کاتی خۆی ئەسحابەیەک لەناو مێگەلێکی بزندا خۆی حەشارداوە بەڵام بزنەکان هێندە باعانوویانە ئەسحابەکە ئاشکرا بووە، خواش لە تۆڵەدا عەورەی دەرخستوون.

شتێکی دیکەی قەدەغەکراو جگەرەکێشانە، هەرکەسێک بە جگەرە کێشانەوە ببینن ئەو دووپەنجەی کە جگەرەکەی پێگرتووە دیبڕن، پاساویان بۆئەمەش ئەوەیە کە نەپەیامبەرو نە ئەسحابەکان جگەرەیان کێشاوەو نە بینیویشیانە.

وەیل بۆئەوکەسەی گوێڕادێری مووزیک دەبێت، یەکسەر بەبی سێودوو هەردوو گوێی دەبڕن، هەر بۆ تاقیکردنەوەش گوێی خزمێکی {حارپ الچاری سەرۆکی هەیئەی عولەمای موسلیمین}یان بڕی پاش ئەوەی ئاشکرابوو گوێی لە مووزیک گرتووە.

لەودەمەوە ئەم ئیمارەتە ڕاگەیەنراوە سەرجەم سەرتاشەکان بێکارکەوتوون ودوکانەکانیان داخستووە، چونکە سەرتاشینیش دژ بە شەریعەیەو لەسەردەمی پەیامبەرو ئەسحابەکاندا پیشەی سەرتاشی نەبووە، جابۆ چارەسەری ئەمەش دوو ڕێگەیان بە ڕەعیەکانیان داوە، یا قژیان درێژ کەن وەک سەردەمی سەحابەو تابعەکانیان یا بە گوێزان تەواو بیتاشن واتە سفری کەن. لێ لە فەرمایشەکەیاندا باسی ئەوەیان نەکردووە گەر کەسێک نەتوانێت سەری خۆی سفرکات کێ بۆی بکات.

لەزۆربەی ڕێگاوبانەکاندا سەربازانی ئەم ئیمارەتە خاڵی پشکنینیان داناوە، مەبەستیش لەم خاڵانە گەڕان بە دووی نەیارانیاندا نیە، بەڵکو بۆڕاوکردنی شتێکی زۆر سەیرو سەمەرەیە، ئەویش تایەی سپێرە واتە[ یەدەک]. هەرشۆفێرێک لەو تایانەی لە سەیارەکەیدا هەڵگرتبێت جگە لە زەوت کردنی تایەکە بڕێک تێهەڵدانیش دەخوات. بەڵام با بزانین تایەی سپێرو ئیسلام یا ئیمارەتی ئیسلام کوردواتەنی کووجا مەرحەبا، هەرپەلە نەکەن ودان بەخۆتانابگرن ئەوەش دەزانن بەکوردی وبەکورتی ئەو عەبقەریانە گەشتوونەتە ئەنجامێک کەدەڵێت مادامەکی ئێمەی موسوڵمان لە کارەکانماندا پشت بەخوادەبەستین ئیدی پێویستمان بەسپێرنابێت، یانی خوا ڕێگەنادات تایەکانمان پەنچەر بیت، کەواتە هەر سایەقێک دەمێک سەیارەکەی دەخاتەکار بڵێت خوایە بەپشتی تۆ، ئیتر هەرگیز تایەی نەپەنچەر دەبێت و نە ئەشتەقێت، خوایەکرد بەسەر کێڵگەی بزماردا پێی دەچوو بۆ شاخی هیمالایە.

ئەوجا بابێنەسەر باسی تەماتەوخەیار کە لە لیستی شتە یاساغکراوەکانن، `قووڕبەسەر ئەوەی حەزی لە تەماتەو خەیارەو لەدەڤەرکەی بندەسەڵاتی ئەواندا دەژی، یائەوەتە دەبی مجازەفەبکات لە بازێڕەکانی دیکە بیکڕێت و وەک چۆن حەشێش دەشارڕێتەوە وا بیشارێتەوە تا دیگەیەنێتە ماڵەوە و

لەوێش بە دزیەوە بیخۆن نەوەک چاوێکی حەسوود بە ئاگابێت، یاخوود لەبیری خۆیانی بەرنەوە وجارووبار بڵێن دووشت هەبون ناویان تەماتەو خەیار بوو. هۆکاری قەدەغەکردنی ئەم دوو سەوزە سوودمەندە ئەویە کەبەبڕوای ئەوان لە ئەندامی زاووزێی نێرومێ دەچن.

لەوماوەی پێشودا چەندین سەمونخانە تەقێنرانەوە، هەرجارەش کۆمەڵێک نانەواو سەموونکڕ دەبوونە قوربانی، ئەز وای بۆدەچووم کە خاوەن سەموونخانەکان شیعەبن و لەسەربنەمای شەڕی مەزهەبی دەیانکوژن، لێ دەرکەوت هۆکار ئەوە نیە بەڵکو ئەوەبوو کە پێشتر ئاگاداریان کردوونەتەوە چیتر سەموون درووست نەکەن و بچن کارێکی دیکە بکەن، جا دیارە ئەوانەی تەقێنراونەتەوە یاخود ئەو خاوەنان سەموونخانانەی تەرۆر کراون لەوانەن کە سەرپێچی فەتواکەیان کردووە. ئەوجا بابزانین گوناهی سەموون چیە و بۆچی درووستکردن و خواردنی حەرام کراوە. بە پێی لێکدانەوەو سەیرکردن و تێفکرینیان سەموون {مەبەست درێژەکانە نەک سەموونی خڕ} شێوەی لە خاچ دەچێت واتە بەعەرەبیەکەی ێلیب. لەبەر ئەوەی خاچیش سوومبوڵی نەیرانیە کافرەکانە بۆیە قەدەغەیان کردووە.

بەڕاستی هەرچەند بیرم لێکردەوە بۆم دەرنەکەوت کە چۆن لە خاچدەچێت. تەنها مەگەر عەقڵی بۆگەن و نەخۆشی ئەو دڕندانە بۆ شتی وا بچێت و ئەوەیان بەخەیاڵدابێت.

لەو دەڤەرەی ئەم ئیمارەتەی تێدا ڕاگەیانراوە لە هاویندا پلەی گەرما دەگاتە سەرووی پەنجا چونکە زۆربەی دەڤەرەکە بیابانە، نەک هەر هاوین بەڵکە لە زستانیشدا ئاوی خواردنەوە هێندە گەرمەپێویستی بە ساردکردنەوە هەیە واتە بە سەهۆڵ. بۆ نەگبەتی ئەو خەڵکە سەهۆڵیش بەر غەزەبی ئەوان کەوتووە، دەڵێن مادام لە سەردەمی پەیامبەرو سەحابەکاندا سەهۆڵ نەبووەو ئاوی گەرمیان خواردووەتەوە و تەحەمولی ئەو گەرمایەیان کردووە، بۆیە دەبێت ئێوەش وەک ئەوان بە تەحەمول بن و سەهۆڵ بەکار مەهێنن.

خۆشەویستی نێوان دوو ئەویندار سزاکەی بەردبارانکردنی هەردووکیانە تامەرگ. هەرچی خوێندندنگاکانی کچانە بەخێرایی دەبێت دابخرێن، لەبەرئەوەی خوێندنی ئافرەت داهێنانێکی کافرانە، جێگەی ئافرەت ماڵەو ئەرکی بەخێوکردنی منداڵ و خزمەت وتاعەتی مێردەکەیەتی. بویشیان نیە ماڵ بەجێبهێڵن گەر بە ڕەزامەندی مێردەکەی نەبیت، ئەویش تەنها بۆ سەردانی خزمان و کات وڕۆژەکەش مێردەکەی بۆی دیاری دەکات، لەچوونەدەرەوەشدا گەرەکە هەمووجەستەی بەتەواوی وەک سندووقی ڕەش داپۆشێت.

سەرانی ئیمارەتەکە ڕەعیەکەی خۆیان ئاگادارکردووەتەوە لەوەی گەر هاتوو هەستتان کرد یا گومانتان لە کەسێک کرد کە کافرە یا مورتەددە گەرەکە بەبخێرایی بیکوژن، جاگەر هاتوو بێگوناه بوو ئەوە چاکەمان بەرامبەری کردووە، بەوەی پەلەمانکردووە لە ناردنی بۆ بەهەشت، خۆگەر کافرومورتەدبوو ئەوە پەلەمانکردووە لەناردنی بۆ دۆزەخ کە ئەمەش بەخێر بۆمان دەگەرێتەوە. پڕاوپڕ ئەمە بۆچوونەکانی گۆڕبەگۆڕ، جەلادی بازێڕەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان خەڵخاڵیە کەلەسەرەتای ساڵەکانی هەشتاکاندا سەدەها ڕۆڵەی کوردی بێتاوانی گوولەبارانکرد، تەنها لەبەر ئەوەی کوردبوون، ئەویش لە دەمی گولەبارانکردنی گەنجەکانداهەمان قسەی کردبوو.

کەسێک لەوانەی لە بەهەشتی ئیمارەتەکە هەڵاتبوو بە گاڵتەجاڕیەوە ووتبووی، هەمووشت لە ئێمە قەدەغەدەکەن بەبیانووی ئەوەی کافر درووستی کردوون، یا لەسەردەمی پەیامبەرو سەحابەکاندا نەبووە، لی خۆیان نوێترین مۆدێلی سەیارەو باشترین چەک بەکار دەهێنن و یەکی دووسێ مۆبایلیش لەگیرفانیاندایە کە هەمووی سەنعەتی کافرانە، گەر هێندە بەتەنگ سەحابەوەن و ڕێزیان لێدەگرن بۆ خۆشیان بە ئەسپ یا هوشتر هاتووچۆناکەن و لەبری چەکیش بۆ شمشێر بەکار ناهێنن. یاخود بۆ بەدۆلار مامەڵەدەکەن خۆ بەڵای ئەوانەوە دۆلار لە وڵاتی مەزنترین کافر درووست دەکرێت.

پێدەچێت ئەوکەسە ئەوپەندەی نەبیستبێت کە دەڵێت ئەوەی بۆمن دەستدەدات بۆتۆ دەست نادات، یائەوەی بۆتۆ حەرامە بۆمن حەڵاڵە.
مەسەلەی حەرام و حەڵاڵ ویاساکانی قەدەغەکردن و بەندوکۆتکردنی ئینسانەکان وسوکایەتی کردن پێیان تەنها پەیوەست نیە بەم سەلەفیە تەکفیریانەوە، هەروەها پێوستی بە ڕاگەیاندنی ئیمارەتی ئیسلامیش نیە، بەڵکو مەسەلەکە پەیوەندی بە تواناو دەسەڵاتی تەفکیری ئەو حیزب و گروپە ئیسلامیەکانەوە هەیە کە ئەمڕۆ لە عێراقدا هەن. بەتایبەتیش حیزب و گروپە شیعەکان.
دەبینین هەریەک لەمانە لە سنووری دەسەڵاتی خۆیدا چەندین یاساو ڕێسای هێناوەتەئاراوە و حوکمی پێدەکات و خۆی کردووەتە ئەڵتەرناتیف بۆ حکومەتی مەرکەزی و هیچ حسابێک بۆ یاساکانی مەرکەز ناکات. ئەوەتا ڕەوتی سەدر لە بازێڕی سەورە کە ناویان ناوە سەدر حوکمەتێکیان بۆخۆیان پێکهێناوە و بە یاسای تایبەتی خۆیان کاردەکەن، بۆنمونە باج کۆدەکەنەوە، خەڵک لەسەرکار دەردەکەن کەڵک دادەمەزرینن، وە زۆر شتیشیان قەدەغەکردووە، بۆ نمونەئافرەت بۆی نیە هاتووچۆبکات باگەر موحەجەبەش بێت، مەیخواردنەوەو گوێگرتن لە موسیقا یاری تاوڵەو دۆمینە و کۆمەڵێک شتی دیکە یاساغە و هەرکەسیش سەرپێچی بکات لە دادگای تایبەتی سەر بە سوپای مەهدی سزادەدرێت.
نازانم مرۆڤ دەبی چ ئومێدێکی بە ئایندەی ئێراقێکی دیموکراتی هەبیت کەلە سایەیدا نرخ و بەها بۆ مرۆڤ دابنرێت و چیتر بەناوی ئاینەوە سوکایەتی پێنەکرێت. لەم دۆخەی ئێستادا تەنانەت بیرکردنەوەش لەهاتنەدی ئەو ئومێدە بۆ ماوەیەکی زۆریش موعجیزەیە.
سەرچاوە /ماڵپەڕی ئیلاف 2006/10/18
halabja@ofir. dk